کتێبی " **زام و سۆ** " کتێبێکی نوێی نووسەر "سیروان کاروانی"یە. ئەم کتێبە چاپی یەکەمە، لە 184 لاپەڕەی قەوارە مامناوەندی پێکهاتووە و ساڵی 2003 لە ئێنگلاند چاپ کراوە؛ نیگاری بەرگ، هونەرمەندی ناسراو "ڕێبوار سەعید" کێشاویەتی، (ISBN 91-973358-2-7).




" **زام و سۆ** "، لە سێ بەش پێکهاتووە. بەشی یەکەم لە کۆمەڵێک وتار دەربارەی شاری دێرینی کەرکووک و شیکردنەوەی ناو و مێژووی هێندێک لە شارەکانی تری کوردستان دەست پێ دەکات. بەشی دووەم چەند لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی و تێڕوانین لەسەر زمان و زاراوەکانی زمانی کوردی لەخۆ دەگرێت. بەشی سێیەم زیاتر تەرخانە بۆ ڕووداو و نەهامەتییەکانی مرۆڤایەتی لە ساڵەکانی ڕابووردوودا و کار و کاردانەوەیان لە ڕوانگەی نووسەرەوە.

یەکێک لە خاڵە بنەڕەتییەکانی بوونە هۆی ئاسوودەییی ئادەمیزاد لە ژیاندا، درکپێکردنی ئێش و ئازارەکانی مرۆڤایەتییە و وەدەرخستنی ستەمەکانە کە هەر ئادەمیزاد دەیخوڵقێنێ. لەو ڕێیەوە، ڕەنگبێ بەسەر کۆسپ و کەلەبەرەکانی نەهامەتیی ژیاندا سەرکەوتنێک وەدەست بێت و مەترسییەکانی کۆکوژیی مرۆڤ لانی کەم، کەم ببنەوە.

ئەم کتێبەش، دەربڕینی کۆمەڵێک ئازاری ژێر ستەمی زۆرداری و تاکڕەوییە. " **زام و سۆ** " هەست کردن بە ژانە سەختەکانە لەسەر دەستی مرۆڤە زۆردارەکان بەرانبەر بە ژێردەست و هەژارەکان. نووسەر لە پێشەکییەکەیدا وا دەنووسێ:

((عەیامێکی دووورودرێژە، لەم گێتییە سەرەڕۆیەی ئێمەی کۆمەڵگای جۆراوجۆری مرۆڤایەتیی تێخزاوین، ئازار لەدایک دەبێ، ژانەکان لە شێوەی شەتڵەعاگوولە گەشە دەکەن. ئەوان بە ناخی زەویدا ڕۆ دەچن و، لەسەر خاکیش، چزوو بە نەسیم و سروەکانی جەستەی

ئادەمیزاددا دەکەن. لەم کەونە پڕ لە وەیشومەیەدا، سەرەڕای بوون و مەترسیی عاگوولەکان، مرۆڤە بالادەستەکانیش بە قامکی سووریان هەنگوینی شانەی ئارەزووی بێنەوایان و گەداکان دەمژن. گەداکان هەر برسین، قامکسوورەکانیش هەر دەخۆن و تێر نابن.

جووتیاران هێندە ئەڤینی بارانن، بۆیە ئەو دەمە تاسەکانیان سەوز دەبێ کە لە زۆریی لێزمەی باراندا، لە دڵەوە دەڵێن: "وادیارە پەڵەی دایە!" ئەفسووس لەم عەیامەشدا ئازار هێندە پەڵەی دایە، کە مرۆڤایەتی بە هەموو توانایەنەوە هاواری ڕەتکردنەوەی دەکات و تا ئەم ڕۆژگارەش ناڵەکان هێندەیان بڕ نەکردووە. ئەوەتا، هەر مرۆڤە خەریکە جووتیار و باران لەیەک دەکات. ئەوەتا، ئەو کارەساتانەی ئێستا مرۆڤ دروستیان دەکات و مرۆڤایەتیی پێ دەخنکێنێ، زۆر لە کارەساتە سرووشتییەکان شێلگیرانەتر جەرگ دەبڕن و ماڵ وێران دەکەن.

ئەم وتارانەی لەم کتێبەدان، جۆرێکن لە دەربڕینی ئەو ئازارانە کە لەم سەردەمەی دواییدا، لەسەر دەستی ئەو مرۆڤانەی ڕژێمی تەوریان پەیڕەو دەکرد، ئەنجام دەدران. لە سیاسەتیساڵەکانی ڕابووردووی ئەورووپای پێشکەوتنخوازدا، دووڕییانێک گرترابووە بەر. هێندێک لە وڵاتە ئەورووپاییەکان هەوڵی هێشتنەوەی ڕژێمی تەوریان دەدا و، تەنانەت دەیانویست یەکێتیی ئەورووپا یەکبخەن بۆ گەیشتن بەو مەبەستە و، هێندێکیشیان پێچەوانەی ئەو بۆچوونە بوون، ئەمەش یەکنەگرتوویی تا ئێستای خێزانی یەکێتیی ئەورووپا لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی دەگەیەنێ و لەناو ئازارە سەختەکانی کۆمەڵگاکاندا کاریگەریی هەیە.

بە کورتی، ئەو مەرامانەی لەم وتارە کورتانەی ناو ئەم کتێبەشدا ڕەنگ دەدەنەوە: هێندێکیان، بەشێکن لەو ئازارە کوشندانەی هەناوی مرۆڤەکان ژاربارانی دەکەن و خڕۆکەکان لە داغترین پلەدا دەکوولێنن. بەشێکیشیان، ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی خاڵە پەیوەندارەکانی سرووشتی کوردستان و لێکدانەوەی ناو و مێژووی هێندێک لە شوێنەوارە گرنگەکانییەتی)).

ئا: نووسەری کورد http://www.nuserikurd.com
2003.06.06